## پەنا بۆ بەر سێبەری خانەقا

"(گاپیلۆن) "5



ئێوارە داهات و سێبەر بەکاوەخۆ و بەبێدەنگی بۆ ئەم خرۆ و شیوە خزی، بەڵام دڵەڕاوکە و نیگەرانی من ژانەسەریشی هاتە سەر و بواری پێ نەدام تاوێک ئارام بگرم، فێریان کردبووم کە چۆن دەرزیی لە خۆم بدەم، ئەوەندم دەرزی لە خۆم دابوو، پێی ڕاهاتبووم و ئەویش کاریگەری نەمابوو.

هەر کەس بەرەو کەپرەکەی ئێمە دەهات، بەپەلە بەرەوپیری دەچوو و بەرەو لایەکی تری بەڕێ دەکرد، ئەو شەوە من چاوم وێک نەنا و نەخەوتم، چاوم لێبوو ئەویش تا بەربەیان بەخەبەر بوو، بە دەورەم دا دەهات، سەری بۆ دەشێلام، ئاوی ساردی بۆ دەهێنام.

بۆ ئێوارەی ڕۆژی دوایی کاک خدر لە گەڵ کەسێکی ناسیاوی تر هات، زۆر بە نەرم و نیانی و مێهرەبانی دواندمی و، دەستی خستە سەر شانم و کوتی: هەر ئێستا پێ ڕاوەستان دەبێ ساز بین و بڕۆین، من تا "گاپیلۆن" لەگەڵت دێم و لەوێوە ڕادەستی "مەنسووری بلووری" ت دەکەم، بەدڵنیایی ئەو خۆی بەیانی دەتگەیێنێتەوە "مالوومە" و "چۆخماخ ".

لە نیوەی ڕێگا تووشی چەند عەسکەری ڕێویلەی ڕەش و ڕووت و دەم چەقەڵ هاتین، لە سەر کارتی پێناسی من زۆریان چەقە لەگەڵ کردین و وەدرەنگێ یان خستین.

کە لە" گاپیلۆن" لەبەر دەرکی بارەگای "مامۆستا شێخ عێزەدین" دابەزین یەستا زەردەی خۆر مابوو، باوەشیان پێداکردم و ماڵئاوایی یان لێکردم و کاک خدر کوتی: کاکت لە نەخۆشخانەی" کارێزە"یە، حاڵی هیچ باش نییە، ئەگەر بلوێ و هەر کە تۆزێک کەوتێوە سەرپێ، واباشە چاوێکتان بەیەک بکەوێت.

یادت بەرز و بەرێز شابازە بەئەزموون و شارەزاکەی چیای بەرز و، ڕەوزی سەخت و، کوێستانی گەردنکەشی وڵات، کە تاسەر لە شەرەگەرەک و ڕشتنی خوێنی هاونیشتمانانت خۆت پاراست.

ئەو دۆستەی لە "سەفرە" پەنای دام و لە کەپرەکەی خۆیدا حەشاریدام، دواتر لە لێکترازانی 88 دا کۆشکی هومێدی ڕما و، وێران بوو و، ڕووخا و، هەر چەند فریای کەوتم و هەوڵم لەگەڵدا، بەڵام گوێی پێنەدام و گەڕایەوە مهاباد، لەوێش تووشی خەمۆکی و شێوان و پەرێشانی هات و، گیرۆدە و گرفتاری داوی بادراوی ئەفیون بوو، ئەوجار ڕێگای "یونان" ی گرتەبەر کەچی لەوێش ئەم ئاهۆیە بەری نەدا و مەودای نەدا لە بەر و بۆی ژیانی بخوا، تا نیوەشەوێک بێکەس و تەنیا و لە دوور وڵات، مۆتەی ژیان لە گۆشەی خیابان دەستی لێوەشاند و بە دەم دەرد و ئازارەوە بەرەو نەمانی ڕفاند.

یادت بەرز و بەرێز دۆستی گەرمێن و کوێستان و هەموو کات و وەرزەکانی من، ناو و وێنەی تۆم هەرگیز لە ڕیزی کاروانی هەڵوەدایانی نیشتمان لە هیچ دەستە و لایەنێک دا نەدیت.

چەند ڕۆژ دوای گەڕانەوەم بۆ چۆخماخ، بە پەلە بۆ چارەسەری بۆ "بەغدا" ڕەوانەکرام.

ئێستا لێرە، لە ناو تان و پۆی جالجالۆوکەی تەنیاییدا، لەناو دووبەرەکی و لێک ترازان و ڕسواییدا، من و برادوژمنەکان، کاتێک لە یەک ڕادەمێنین و، ملمان لە کەڵەوەی حیزب دەترازێنین و تەلیسمی سێعری سەرکردە چاوبەستەکان دەشکێنین، تازە لەم گاڵتە

و قوماره سەردەردێنین و بەیەکەوە شینی نیشتمانی دۆڕاو و بریندار دەگێڕین.

ماویەتی...

" *گاپیلۆن" و "مالوومە" و"چۆخماخ" سێ گوندی دۆڵی جافایەتی.

" **کارێزە" گوندێکی ناوچەی شارباژێر کە نەخۆشخانەی یەکێک لە هێزە ڕۆژهەلاتییەکانی لێبوو.

" ***منصور بلوری" لاوێکی خۆشناو و ناسیاوی بنەماڵەی خۆمان و یەکێک لە بەرپرسەکانی دەفتەری ماموستا شێخ عێزەدین بوو.

****وینە : سروشتی پشتی ئاوایی گاپیلۆن.